# ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە هێرشی بەربلاوی فرۆکە شەرکەرەکانی دەولەتی تورکیە بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراق

پاش دەورەیەك هەرەشە و شەری رەوانی دەولەتی تورکیە لە دژی خەلکی کوردستانی عێراق و جێگیر کردنی زیاتر لە سەد هەزار سەرباز لە سنورەکانی ئەو ولاتە، سەر لە بەیانی رۆژی یەکشەممە 25ی سەرماوەز، فرۆکە شەرکەرەکانی ئەرتەشی ئەو ولاتە چوونە ئاسمانی کوردستانی عێراق و بۆ ماوەی چەند سەعات ئاوایی و ناوچە سنوریەکانی کوردستانیان بۆمباران کرد.

لەم هێرشەدا زیاتر لە 40 فرۆکە بەشدار بوون، لە ئاکامی ئەم هێرشە ئاسمانی و تۆپخانەییەی ئەرتەشی تورکیەدا کەسێك لە خەڵکی ئەم ناوچەیە گیانی لە دەست دا و چەندین کەس بریندار و سەدان کەس لە خەڵکی ناوچەکە ناچار بوون مال و حالی خۆیان بە جێ بهێلن. هەروەها لەم هێرشانەدا زەرەر و زیانێکی زۆر بە مەڕ و مالاتی خەڵکی ئەم ناوچەیە گەیشتووە.

هەرچەند دەولەتی تورکیە وەك هەمیشە ڕایگەیاندووە کە فرۆکە شەرکەرەکانی ئەم ولاتە بنکەکانی "پ.ك.ك"یان داوەتە بەر هێرش، بەلام لە هیچ کام لەو ئاواییانەی کە بۆمباران کراون مەقەری هێزەکانی "پ.ك.ك"ی لێ نییە.

ئەم هێرشانە لە حالێکدایە کە ژێنرال "یاشار بیوك ئانێت" چەند سەعات پاش ئەم هێرشە ڕایگەیاند کە دەولەتی ئامریکا ئیجازەی چوونی فرۆکەکانی ئەم ولاتەی بۆ سەر ئاسمانی باکووری عێراق دەر کردووە.

هەر بەو جۆرەی کە پێشتر و چەندەها جار ڕامانگەیاندووە دەولەتی تورکیە دەیهەوێت لە دیاری کردنی چۆنیەتی رەوتی گۆرانکارییەکانی عێراق و کوردستان و هەروەها داهاتووی رۆژهەلاتی ناوەراست بە چەشنی هێزێکی ناوچەیی و لایەنێکی مەعامەلەکە حیسابی بۆ بکرێت. لە لایەکی دیکەوە دەولەتی ئیسلامی ـ لیبرالی تورکیە لەم دەورەدا بۆ دەرباز بوون لە قەیرانێك کە تووشی بووە، پێویستی بە پشتیوانی ئەرتەشی تورکیە لە دەولەت هەیە. دەولەتی تورکیە دەیهەوێت گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکانی خۆی لە رێگای گوشار هێنان و هەرەشەی بەردەوام بۆ سەر خەڵکی کوردستان، بۆمباران و کوشتاری خەڵکی بێتاوان و مالوێرانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرەوپێش بەرێت.

دەولەتی ئامریکاش کە ناوەرۆکی سیاسەتەکانی دەولەتی تورکیە لە ناوچەکە بە باشی دەناسێت، بە رەزایەت دان بە هێرشی دەولەتی تورکیە بۆ سەر کوردستانی عێراق، بە باشی لە کارتی هەرەشەی ئەم هێزە ناوچەییە و زەرفیەتەکانی، بۆ بەرەوپێش بردنی پلانەکانی خۆی بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەسەلاتی سیاسی لە عێراق بە باشی کەلك وەر دەگرێت.

کۆمەڵە جارێکی تر هێرشی فرۆکە شەرکەرەکانی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر خەڵکی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عێراق و شێواندنی ئەمنیەت و ئاسایشی ئەوان بە توندی مەحکوم دەکات و وێرای دەربرینی رق و بێزاری خۆی لە سیاسەتی جینایەتکارانەی دەولەتی تورکیە، پشتیوانی خۆی لە خەباتی خەڵکی

کوردستانی عێراق و خەلکی کوردستانی تورکیە بۆ ئازادی و مافی دیاری کردنی چارەنوسیان ڕادەگەیەنێت. خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوپشتی ریزەکانی خۆیان دەتوانن ئەم پیلانە جۆراوجۆرانە پوچەل بکەنەوە و پێش بەم هێرشە وەحشیانەیە بگرن.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

26ی سەرماوەزی 1386

17ی دێسامبری 2007